سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ جێگری باڵیۆزی ئیتاڵیا کۆبووەوە

سەرۆکی حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێم لەگەڵ جێگری باڵیۆزی ئیتاڵیا کۆبووەوە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە کیارا فرانچینی، جێگری باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق کرد.

لەو دیدارە بەگوێرەی ڕاگەیاندراوێکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەت، بیروڕا لەبارەی بڕەودان بە پێوەندیی دوولایەنە، بەتایبەتی لە بواری ئابووری و بازرگانی، هەروەها دواین گەڕانکاری و پەرەسەندنەکانی دەخی گشتیی عێراق و ناوچەکە ئاوگەڵ کرا، لە بەشێکی دیکەی گفتوگۆکاندا، جەخت لە پێویستیی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ و ڕەزگرتن لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان کرایەوە، بەوەش بەوتەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم.